# "16 ی گەلاوێژ ئاوێنەی راستییەکان"

عوسمان ــ م
2005/8/8

ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی کوردستانی ئێران لە چەندین بارەوە هەم جێگای تێرامان و هەم دەرس لێ وەرگرتنە بۆ جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و بە تایبەتی هێزە سوسیالیست و پێشکەوتنخوازەکان. هەروەها بوو بە ترازوێەک بۆ قەزاوەت و هەڵسەنگاندی سەنگی بەرەی چەپ و راستی کۆمەڵگای کوردستان.

بە دەست پێکردنی ئاخێز و نارەزایەتیەکان کە لە مهابادەوە دەستی پێکرد، لایەنە سیاسەکان هەرکامە و بە شێوازی خۆی و بە پێی ئەدەبیات و کارنامە و قازانجیان، خۆیان کرد بە خاوەنی ئەم بزووتنەوە تازەیەی خەڵکی کوردستان و بە دەرکردنی پەیام و راگەیاندن، وتوێژی رادیویی و ساز کردنی خۆپیشاندان و هەڵاوهوریا لە هەندەران کەوتنە پێش برکێ.

لەم نێوانە دا پاش تێپەر بونی سێ حەوتو لە ئاخێز و بەرەورو بونەوەی خەڵکی راپەریو و هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی، بانگەوازی "کۆمەڵە" هەمووو پێوەر و معادلاتەکانی تێکداو چەند راستیەکی گرنگی خستە روو. ئەم بانگەوازەی کۆمەڵە لە لایەک پەردەی لەسەر رومەتی درۆینەی دڵسۆزانی خەڵکی کوردساتن لابرد و لە لایەکیترەوە دڵسۆزانی راستەقینە و رزگاریخوازی راستەقینەی خەڵکی کوردستانی ئاشکرا کرد. هەروەها بە پێچەوانەی ئێدیعاکانی بورژوازی بە گەشتی و بورژوا ناسیونالیستی کورد بەتایبەتی، کۆمۆنیزم نەک هەر دزیو نەبوە، بەڵکوو لە هەموکات زیاتر حەقانیەت و پیویستیی خۆی وەک تەنیا بەدیلێکی ئینسانی بەرانبەر بە بەدیلە رەنگ پەریوە و رەنگاورەنگەکانی ئەوان نیشاندا. چونکە ئەو بانگەوازە کۆمەڵە رێکخراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران رایگەیاند، و هەمو دنیا و خەڵکی ناوچەکە و ئێران و بەتایبەتی خەڵکی کوردستان باش دەزانن کە کۆمەڵە کۆمۆنیستە و ئینسان لای مەبەستە و بەدیلیشی سوسیالیزمە بۆ ئیدارەی کۆمەڵگا و ئالاو سنور بە ئامرازی بورژوازی دەزانێ بۆ دابەش کردنی بەشەر و حاکمیەت کردن بەسەریاندا.

لەگەڵ هەمو ئەمانەدا خەڵکی سەرتاسەری کوردسستان سەرەرای هەرەشەی رژیمی سەرمایەداریی ئیسلامیی دژی ئینسانیی و دەرکردنی راگەیاندن لە لایان ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە کە بەشداری تێدا نەکەن، بە شار و دێهاتەوە، بە ژن و پیاو، و گەورە و منداڵەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرد. ئەمرۆ وەفاداری و راستگۆیی و فیداکاری کۆمۆنیستەکانی کوردستان حەقانیەتی کۆمۆنیستی بۆ خەڵکی کوردستان لە جاران زیاتر سەلماندوە و لای خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کورد پەسەند کراوە و بە قسەی سواڵکەرانی دەسەڵات لای ئەمپریالیستەکان دزێو نەبوە و نابێ! ئەو راستیەی سەلماند کە ئێستا کومەڵانی خەڵکی کوردستان باش دەزانن کە کۆمۆنیستەکانی کوردستان تنیا ئازادی و رزگاری، خۆشبەختی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، بەرابەری و حاکمیەتی خەڵک بە گشتی و بە تایبەتی کرێکار و زەحمەتکێشیان ئەوێ!! هەر بۆیە بە دەنگی بانگەوازی کۆمۆنیستەکانیانەوە هاتن و بەم حەرەکەتەیان هوشیاری و ژیری، دەرس وەرگرتن لە مێژو و پێشکەوتنی خۆشیان سەلماند کە چیتر فریوی ریاکارن و ئالا هەڵگرانی درۆیینەی دیموکراسی، نەتەویی، فدرالیزم و کوردایەتی ناخۆن و ئیستا ئیتر باش دۆست و دڵسۆز ودۆژمنی خۆیان دەناسن!

راستییەکیتر کە ئەم بانگەوازەی کۆمەڵە و وڵامدانەوەی لە لایان خەڵکی کوردستانەوە ئاشکرای کرد، ئەوە بو کە هەمو حیزب و ریکخراوە کۆمۆنیستەکان سەرەرای جیاوازی سیاسی و بۆچونەکانیان، یەکیان گرت و هاتنە پشتی ئەم بانگەوازە و بە نوسراوە و راگەیاندن و بەشدار لە کۆپیشاندانەکان، پشتیانییان لە خەڵکی کوردستان کرد، و ئەمە خۆی دەستکەوتێکی باشە و دەبێ زیاتر کاری بۆ بکرێ. هەروەها ئەوەشی سەلماند کە کۆمۆنیستەکان هیچ رێگایەکیان نییە بێجگە لە لەوەی کە دەست لە لێدر پەروەری و خۆ بەزل زانی و خۆ مێحوەر بینی و سکتاریستی کە تاریخی بەسەر چوە هەڵبگرن و مل بۆ خواست و زەرورەتی ئەمرۆی کومونیزم و چینی کرێکار راکێشن. ئەگەر وا نەبێ، دەبێ چاوەروانی عێراقێکی داهاتو بین لە ئێران و ئێمە و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، بێدەسەڵات تەماشاچی تەجاوز بە کەرامەتمان، بە منداڵەکانمان، بە ئینسانیەت بین و بە برچاومانەوە سامانمان تاڵان بکەن و نەتوانین هیچ بڵیین و بیکەین بە خەتای یەکتر.
بە نسبەت مەسەلەی میللی و خەڵکی کوردستانەوە، وەک هەمێشە بینیمان ناسیونالیسزمی کورد کە بەردی رێبەری و دڵسۆزی و دیفاع لە خەڵکی کوردستان دەدا لە سنگی، لەم بانگەوازە و مانگرتنی خەڵکی کوردستان لە کوێدا وەستان و چلۆن هەڵوێستیان گرت. نەک هەر دیفاعیان لەم حەرەکەتە مێژوییەی خەڵکی کوردستان نەکرد، بەڵکو بوون بە هاوسەنگەری کۆماری ئیسلامی و هەوڵیاندا تێکی بدەن و سەر نەگرێ. ئێستاش لە کەمین دان و بە وەرێخستنی هات وهاوار و پروپاگاندەی پێک هێنانی بەرەی کوردسستانی و دێموکراسی، خەباتی خەلکی کوردستان بە لارێدا بەرن. خەباتی میللەتێک کە لە ناو توند ترین گەردەلولەکانی مێژودا، بە تەحەمول کردنی ئازار و کۆشتار و رەنج و خەباتێکی خویناوی، خۆی کێشاوەتە دەرەوە و تازە خەریکە رێگا و ئاسۆی رزگار بونی خۆی بە رێبەری کۆمۆنیستەکان ئەدۆزێتەوە، شیاو و شایستەی بیستنی تەواوی حەقیقەت و راستیەکانە، نەک نیوە و ناتەواو و هێشتنەوەی درزی رەخنە و نفوزی دوبارەی ناسیونالیسمی هەلپەرەست.
خەڵک و کۆمۆنیستەکان دەبی زۆر زیاتر لەوەی کە هەن هوشیار بن. زۆر دەستی نهێنی لەکار دایە. تەنیا رژیمی تیروریستی سەرمایەداریی ئیسلامی بە تاوانبار و قاتڵی بیر و ئەندێشەی پێشکەوتنخوازی و کۆمۆنیزم دانان، هەڵەێکیتری تاریخییە نابەخشرێ. ئوپوزسیونی بورژوا و بورژوا ناسیونالیست کە هەمان کارنامە و ناوەرۆکی چینایەتی کوماری ئێسلامییان هەیە نابێ چاوپۆشی لێ بکرێ و رێگایان بدرێ داهاتوی خەڵک دیاری بکەن. ئەگەر دەرس لە میژو وەر نەگرین، دەبێ هەر لە ئێستاوە چاوەروانی تەجرەبەی عێراق بین لە ئێران و کوردستانی ئێران.
ئێستا کومەڵانی خەڵکی کوردستان و ناوچەکە و بە تایبەتی کۆمۆنیستەکان باش دەزانن کە بورژوا ناسیونالیستی رەنگاورەنگ نە باوەریان بە ئازادی و رزگاری خەڵکی کوردە و نە بۆ رزگاری ئەو خەڵکەش تێکۆشاون و ئەوەی پێان بکرێ بۆ رێگرتن لە خوروشانی هیزی شۆرشگێرانەی خەڵک دەیکەن، وەک کردویانە. ئەوان دەسەڵاتیان ئەوێ و بە خۆ هەڵواسین بە ئاڵا و نیشتمان و نەتەوە و خواستەکانی خەڵکدا، هەمێشە خەڵکیان کردوەتە ئامرازی گەیشتن بە دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵاتەکەیان.
ناسیونالیسزمی کورد کە ئێستا گولۆڵەی کەوتوەتە لێژ و بەتایبەت پاش ئاکامە نا ئینسانی و ترور و
ماڵوێرانیەکانی شەری ئامریکا لە دژی عێراق و بێ ئاسۆ بونی چارەنوسی خەڵکی کورد لەو وولاتە، دەزانن کە لە لای جەماوەری خەڵکی کوردستان پێگە و سیقە و قوربیان نەماوە و کەوتونە حاشیەوە، بەتایبەت پاش ئەو بانگەوازەی کۆمەڵە و ئەو مانگرتنە سەرتاسەریەی خەڵکی کوردستانی ئێران، و زیاتر باسی بەرەی کوردستانی و هاوکاری لە نێوان هێزە سیاسیەکان دەکەن. ئەمانە هەر بە خرەی جاران و غافڵ لەوەیکە خەڵکی کوردستان ئێستا

هوشیاره و حافزەی میژوویی کار دەکا و فەرامۆشی نەکردوە کە ئەمانە هەر کامەیان بە دزیی خەڵکی کورد و ئەوی تریانەوە رۆژێک لای ئەمریکا سواڵی ئازادی و دەسەڵاتیان کردەوە و رۆژیک لەگەڵ رژیمی ئیسلامی.

کاتی ئەوە هاتوە کە دەبێ خەڵکی کورد هەمو راستیەکان بزانێ و دەبێ خەڵک خۆی راستەوخۆ بریاردەری چارەنوسی خۆی بێ، نەک ئەم حیزب و ئەو حیزبی دەسڵاتخواز یان هیزە دەرەکیە تاڵانچیەکان بۆی دیاری بکەن.

ئێستا روناکبیرانی بورژوا و حیزب و رێکخراوە ناسیونالیستەکان پێک هێنانی بەرە بوەتە وێردی زمانیان، بە بێ ئەوەی رونیان کردبێتەوە کە لا داهاتوی دوای رژیمی ئیسلامی چیان دەوی و ئەیانەوی چی بکەن. بە عام باسی روخانی رژیم و بەدیلی فدرالیزم ئەکەن بۆ ئێران، بە بێ ئەوەی ناورۆک و قەوارەی سیاسی ئەم فدرالیەیان رون کردبێتەوە کە چلۆن رژیمێک دەبێت، ئیسلامی بێ یان لاییک، سوسیالیزم بێ یان ......

ئەمانە حاکمیەت و دەسەڵاتیان دەوێ و هیچیتر. هەر بۆیە وەک هەمیشە دەیانەوە بە ناوی بەرە و مەرەی بێ شکڵ و رەنگ و بۆ، سواری شۆرشی خەڵکی ئازادیخواز و عەداڵەتخواز بن و قۆناغێکی دوراویتر بەسەر خەڵک دا بسەپێنن لەبەر حاکمیەتی خۆیان و هاوپەیمانانیان.

دەیانەوێ فەرهەنگی هاورەنگ سازی بەکار بێنن بۆ شاردنەوەی مەبەستە شاراوەکان. دیارە ئەوانەی کە دەچنە ناو ئاوا بەرەیەکی بە ناو هاورەنگ، کارنامەیان هەیە و هەر کامەیان هەزار رەنگیان لە خۆیان نیشان داوە. ئەمانە قەرادادین و هیچ کاتێک ناتوانن یارمەتی بە گۆرێنی فەرهەنگی سیاسی حاکم بکەن. مێژو ئەمەی سەلماندوە کە لیبرالیسم و ریفورمیسم و ناسیونالیسم هەم لە بواری فەرهەنگی و هەم لە بواری سیاسی دا، نەک لەسەر پایەی متمانە و ئێعتباری زاتیی خۆیان، بەڵکو بە خۆ هەڵواسین بە ئێعتباری رەخنە گرانی کۆمۆنیست و رادیکاڵی خۆیان ئێعتبار و سیقەیان بەدەست هێناوە. دواتر بە پشت ئەستوری ئەم متمانەیە، زەبریان لە شۆرش و خواست و یەکیەتی جەماوەر داوە و بارودۆخەکەیان بە قازانجی خۆیان قوستوەتەوە.

بە شاهێدی مێژو ئەم شوە بەرە و ئیتلافانەی بورژازی و بورژوا نسیونالیسم و ئەو تەعبیرانەی کە لیی دەکەن، بێجگە لە دروست کردنی سەنگەر و قەڵغانێک لە خەڵک لە لایان ئەمانەوە لە دژی خەڵک و بەتایبەت کرێکار و زەحمەتکێس و حکومەت کردن بە سەریانەوە، هیچمان نەبینیوە. تەواوی ئەوانەی کە ئەمرۆ داوای بەرەیەکی یەکگرتوی نا روون بۆ کوردستانی ئێران دەکەن، بە چەپ و راستیانەوە، دەیان رەنگیان گۆریوە. لە دیالۆگی تەمەدونەکان و مەکتەبی ئیسلامی بۆ ریفورمخوازی خاتەمی،لە خۆ هەڵواسین بە دیالۆگی نولیبراڵی، لە کۆنەپارێزیی سوننەتی و نوێ، لە لەبەیک بە خۆمەینی و رێگای ستالین و ناپلیون، لە دێموکراسی خوێناوی بوش و هاوکاری سەدام تێپەریون و رشتنی ئەو هەمو خوێنە لە عێراق و ئەفغانستان و ..... بە مەجاز و رەوا و ئینسانی دەزانن. لە ئێستعمار و ئەمپریالیزم، لە بۆمبارانی مەرگ و سوتان بە ناوی ئازادی دیفاع دەکەن.

ئەم بەرەیە کە ئەمانە زۆرنای بۆ لێ ئەدەن، لە زەمانی شای ئێران تەجرەبە کراوە، لە زەمانی سەدام و پاش سەدام تەجرەبە کراوە. برێک لە روی ترس، برێک بە بێ خوێندنەوە، برێک ئاگاهانە و برێک لەبەر دوستان و برێک بۆ قازانج و دەسەڵات بونە هاورەنگ و ئاکامەکەی ئەوە بو کە بینیمان و ئێستاش دارەکەی دەخۆین، و پاشان دیسانەوە خەڵک راپەریەوە و تا ئێستا بەردەوامە، بەڵام دیسان وادیارە نامانەوێ دەرس و عێبرەتی لێ وەر بگرین.

زۆربەی جارچیانی ئەم بەرە و یەکرەنگ سازیانە ناسراون. برێکیان کۆمۆنیستی دو خەرجە بوون و بە یەک شەوە بونەتە ناسیونالیست، برێکیان سوسیالیستی خەڵکی بون کە ئێستا سەودای بازاری ئازادیان لەسەر دایە، گەورەکانیشیان کە بەناو لایانگری قازانجی نەتەوەن و بەردی کوردایەتی لە سنگ ئەدەن، بە ئاشکرا حازرن لە ئاوزەنگی ئەمریکا و ئەمپریالیستەکان دا وولاتی خۆیان بۆ ئەوان داگیر بکەن.

ئەم بەرە خوازانە تەنانەت کەوتونە دەرسدانی ئەخلاقی و باسی مەتانەت و دیموکراسیەت و مەدارا کردنی هەموان لەگەڵ یەکتر. دەبێ بلێم دنیایەکی سەیرە گۆڵم. دیارە مەبەستی ئەمانە دروست کردنی کەش و هەوایەکی وایە کە تێیدا مەبەستە شاراوەکان و جیاوازیەکان نەبینرێ. بۆ ئەوەیە کە هەست بە مەترسیی کەوەتنە حاشیە ئەکەن و ئەگەر نەتوانن هاورەنگ بن، لانیکەم دەبێ کارێک بکەن کە رەنگە دژ بە یەکەکان نەبینرێت. بە ناوی بەرە و لە چوار چێوەی ئەم ئەخلاقیاتە دا دەیانەوێ هیزە کۆمۆنیست و رادیکاڵەکان و خەڵک ناچار بکەن کە لەگەڵ خەیانەت و خەیانەتکار، لەگەڵ ئەوانەی کە 26 ساڵە پارێزەری رژیمی ترور و درندە و دژ بە خەڵکانی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان جینایەت دەکەن و دەستیان بە خوێنی سەدان هەزار کۆمۆنیست و ئازادیخواز سورە، لەگەڵ دز و معامەلەچی بەسەر خوێن و خەباتی خەڵکەوە مەدارا بکرێ و بەرە پێک بهێنرێ. ئا بەم تەرکیب و تایبەتمەندیانەوە ئەیانەوێ بچنە شەری کوماری ئیسلامی. دیارە ئەگەر پێان بکرێ، دەیکەن، بەڵام ئەم شەرە پێوەندی بە خەڵکەوە نییە! شەری نێوان بنەماڵەکانی بورژوازیە لەسەر دەسەڵات.

کەوایە ناتوانرێ بە بێ هەبونی پلاتفورمێکی رون کە رەنگدەرەوەی خواستی کرێکاران و زەحمتکێشان بێ و سەربە خۆ، بە بێ بەهرەمەند بون لە خیرەت و بوێری بۆ چونە پێش، بە بێ بونی جەسارەتی بەرەورو بونەوە لەگەڵ هێزە ناسیۆنالیست و گوشارە دەرەکیەکان، بە بێ بونی پلانێکی دارێژراوی نوێ بۆ گورینی فەرهەنگی کۆمەڵگا دوەرێکی سەردەمساز و پێشرەو بەرێوە ببرێ.

خەڵکی کورد ئینسانیەت و ئازدی و عەداڵەتی کومەڵایەتی و یەکسانی ئەوێ، نەک حاکمیەتی جەماعەتێک کە تجرەبەکیمان لەملاو لەولا بینی. لێگەرێ با هەلپەرەستانی دەسەڵاتخواز رۆژێک چاو لە خاتەمی داگرن و نامە بۆ بوش بنێرن و ببنە کەواسوری بەر لەشکری ئەمپریالیستەکان و دەوری علاوی و جەعفەری و رەشید دوسمی رەزیل و کارزای کۆنەپەرەست بگێرن کە پلەکانیان لە تەجاوز بە منداڵانی عێراقی و ئەفغانی وەدەست هێناوە. لێانگەرێ با بە خۆتبەی دیموکراسی قەشە چەکدار و بومب هاوێژەکان دڵخۆیان خۆش بکەن. ئاش کاری خۆی دەکا و چەقەنە سەر خۆی دێشێنێ.

خەڵک و کۆمۆنیستەکانیش لەسەر خەباتی خۆیان سورن و لەگەڵ یەک دەچنە پێش و باوشیان بە ماف و باوەری خۆیان کردوە! بە جۆرێک کە هێج هێزێک نە دۆژمنانی خارجی و ناوخۆیی ناتوانێ لە رێگای خۆی لایدا و بیکاتە ئامرازی قازانج قواستنەوە بۆ کومپانیا جیهانیەکان و حاکمیەتی کۆنەپەرستانی رەنگاورەنگ. دەچێ بەرەو سوسیالیزم تەنیای رەگای نەجات و رزگاری لە مجەهەننەمەی کە سەرمایەداریی رەنگاورەنگ دایخستوە.